OCHA

# هەواڵنامەی مرۆیی عێراق

ئایاری ٢٠١٩

لەم ڕاپۆرتە هەواڵنامەیەدا


لا.١ کاروانی فرە ئاژانس بۆ خێوەتگەی عامریەت ئەلفەلوجە
لا.١ سووتانی کێڵگەکانی دانەوێڵە
لا.٢سەردانی مەیدانی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی بۆ کەرکوك
لا.٢کۆنفڕانسی ئۆسلۆ لەبارەی توندوتیژی لەسەر بنەمای سێکسی و ڕەگەزی
لا.٣ تەرخانکردنی یەدەگ لە سندوقی مرۆیی عێراق
لا.٣ یۆنامی کارنامەی خۆی درێژدەکاتەوە


## هەواڵە سەرەکیەکان

- هاوکارانی مرۆیی سەردانی خێوەتگەی عامریەت ئەلفەلوجەیان کرد لە پارێزگای ئەنبار بۆ پلاندانان بۆ ئەگەری داخستن و یەکگرتنی خێوەتگە.
- ئاگری گوماناوی خاکی کشتوکاڵی لە ١١ پارێزگا دەسووتێنێت.
- نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی کاروانێکی بۆ پارێزگای کەرکوك ئەنجامدا.
- یۆنامی کارنامەی خۆی بۆ ٣١ی ئایاری ٢٠٢٠ درێژکردەوە.

## ژمارەکان

| | |
|---|---|
| ٦,٧ ملیۆن | #ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە |
| ١,٧٥ ملیۆن | #ئەو کەسانەی کە بە ئامانجکراون بۆ هاوکاری کردنیان |
| ٠,٥ ملیۆن | #ئەو کەسانەی کە ئاوارەی ناوخۆیین لە ناو خێوەتگەکانن بە ئامانج کراون بۆ هاوکاری کردنیان |
| ٠,٥٥ ملیۆن | #ئەو ئاوارانەی کە لە دەرەوەی خێوەتگەکان ژیان دەگوزەرێنن بە ئامانجکراون بۆ هاوکاری کردنیان |
| ٠,٥ ملیۆن | #ئەو ئاوارە گەڕاوانەی کە بە ئامانج کراون بۆ هاوکاری کردنیان |
| ٠,٢ ملیۆن | #ئەو کەسانەی کە زۆر پێویستیان بە هاوکاریە لە ناو کۆمەڵگا خانەخۆییەکان بە ئامانجکراون بۆ هاوکاری کردنیان |

## پاڵپشتی کردنی دارایی

**٧٠١,١ ملیۆن**
داواکراوە بە دۆلاری ئەمەریکی $

**١١ ٪** لەسەدای پاڵپشتی دارایی کراوە

(هەروەك لە ڕێکەوتی ٣١ی ئایاری ٢٠١٩)



سەرچاوە: ئۆچا/لەلایەن ئەلێکساندرا. لازاو- ڕاتز

خێوەتگەی عامریەت ئەلفەلوجە، لە ئەنبار، عێراق (٢٩ی ئایاری ٢٠١٩)

## سەردانی کاروانێکی فرە ئاژانس بۆ خێوەتگەی عامریەت ئەلفەلوجە

لە ڕۆژی ٢٩ی ئایاری ٢٠١٩، نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی ئاسانکاری کرد بۆ سەردانێکی نافەرمی مەیدانی فرە ئاژانس بۆ خێوەتگەی عامریەت ئەلفەلوجە بۆ ئاوارەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە خزمەتگوزاریە مرۆییەکان دابین کراون بۆ دانیشتوانی ٣٢ نیمچە خێوەتگە بۆ دابین کردنی کەمترین ستاندەرەکانی خزمەتگوزاری. ئەندامانی کاروانەکە پێك هاتبوون لەوانە گروپەکانی بەڕێوەبردن و هەماهەنگی خێوەتگە، تەندروستی، پاراستن، پەناگە و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان و ئاووخاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی. ئەو ئاوارانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرابوو داوای هاوکاری و یارمەتی زیاتریان دەکرد لە چەندین کەرت. لەوکاتەی خێوەتگەکە بەستراوەتەوە بە تۆڕی کارەبای نیشتمانی و کارەبای ٨ کاتژمێری بۆ دابین کراوە لە ڕۆژێکدا، مۆلیدەکان و کاریگەری ڕووناکی لەسەر سەلامەتی ئافرەتان، لەگەڵ هەندێك لە ئافرەتان کە ڕاپۆرتیان کردووە کە پیان باشترە توالێت و خاوێنکەرەوە لە شەودا بەکارنەهێنن کاتێك ڕووناکی نیە. بە هەمان شێوە، نرخەکانی خۆراك زیاترن لەوەی بازاڕی ناوخۆ، و نەبوونی دەستگەیشتنی بەردەوام بە سووتەمەنی بۆ مەبەستەکانی گەرمکەرەوە و چێشتلێنان، هەروەها ساردکەرەوەش وەك بۆشاییە هەرە پێویستیەکان بەرزکرانەوە. پێشنیازەکانی کاروانەکە لەوانە ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك لە نێوان ڕێکخراوە مرۆییە سەرەکیەکان، لەوانە ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، هاوکارانی پاڵپشتی دارایی، ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان، ڕێکخراوە ناحکومیە ناوخۆییەکان، کۆمەکبەخشان و هاوکارانی پاراستن (لەوانە تۆڕی ڕێگەگرتن لە بەهەڵقۆستنەوەی سێکسی و مامەڵەی نەشیاو) بۆ بەهێزکردنی بابەتەکانی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی پاڵپشتیە داراییەکان و باسکردنی ستراتیجیەکان بۆ چارەسەرکردنی بەلاڕێدابردنی کۆمەك لە عێراق. بە هاوتەریبی ئەمەش، گرنگ دەبێ بۆ بەهێزکردنی میکانیزمەکانی هەڵسەنگاندن و سکاڵا لەلایەن بەڕێوەبەران و ڕێکخەران و هاوکارانی خێوەتگە لە ماوەی ئەم ساڵەدا.

## سووتانی کێڵگەکانی دانەوێڵە لە سەرانسەری ١١ پارێزگا



سەرچاوە:ئۆچا/ئێڤلین
کەرکوك، عێراق (٢ی حوزەیرانی ٢٠١٩) – هەوڵەکانی ئاگر کوژاندنەوە بۆ ڕزگارکردنی دانەوێڵە سووتاوەکان لە بلێسەی گوماناوی لە پارێزگای کەرکوك.

بڵاوبوونەوەی ئاگر لە کێڵگەکانی گەنم و جۆ بووە هۆی زیان گەیاندن بە ١١ پارێزگا، لە سەرانسەری ٢٥٠ قەزا لەو کاتەوەی ناوەڕاستی مانگی ئایار، زۆربەی ئەو ئاگرانە وا لێکدەدرێتەوە کە بە ئەنقەست ئەنجام درابێ. داعش بەرپرسیارێتی خۆی بۆ هەندێك لە هێرشەکان ڕاگەیاند. هەندێك لە چاودێران باوەڕیان وایە کە ئاگرەکان تاکتیکێکی بە مەبەستە بۆ بە ئامانجگرتنی ئاوارە گەڕاوەکان یان ئامانجیان بریتیە لە ڕێگری کردن لە ئاوارەکان لە گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان. ڕاپۆرت گەلێك هەن کە ئاماژە بەوە دەکەن ئاگرەکان بوونەتە بەربەست لە گەڕانەوەی هەندێك لە ئاوارەکان بۆ ماڵەکانی خۆیان. هەروەها نیگەرانیەکان هەن لە بارەی ئەوەی کە هێرشەکان لەوانەیە سروشتێکی سیاسی هەبێت، بە تێبینی کردنی شێوازەکان لە شوێنی ئاگرەکان بە درێژایی ناوچە ململانێکان. لە ساڵی ٢٠١٩، بارینی بارانی زۆر بووە هۆی گەشەسەندنی باشی دانەوێڵە بە مانای ئەوەی پووش و پەراشێکی زۆر کۆبۆتەوە لە کێڵگەکان و دەبێتە هۆی سووتان.

هاوکارانی مرۆیی چاودێری کاریگەریەکان دەکەن لەسەر ئاوارە گەڕاوەکان وئەو ئاوارانەی کە پلانیان داناوە بگەڕێنەوە، و هەڵسەنگاندنی هەر کاریگەریەکی نەرێنی لەسەر کشتوکاڵ، ژیان و گوزەرانی ئاسایشی خۆراك و

کۆمەکی ئاو. ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ تێبینی کردووە کە زۆربەی جوتیاران لە ماوەی کۆتایی دورینەوەی دانەوێڵەکانیان بوون و لەبەرئەوە کاریگەریەکەی لەسەر نرخە سەرەکیەکان هێشتا بڕیاری لەسەر نەدراوە.

## نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی کاروانێکی مەیدانی بۆ کەرکوك ئەنجامدا

کارکردنی چڕوپڕی زیاتر پێویستە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی نیشتمانی و پارێزگا و ناوخۆیی – هەروەها لەگەڵ هاوکاری مرۆیی و پەرەپێدان بۆ کردنە کاری لەپێشینەی دەستپێشخەریەکان، کردنە کاری لەپێشینەی ناوچە جیوگرافیەکان و لادانی ئاستەنگ لە ناوچەکانی گەڕانەوەی ئاوارەکان.



سەرچاوە: ئۆچا/هیلاری ستوفێر لە خێوەتگەی لەیلان١ بۆ ئاوارەکان

لە ڕۆژی ٢١ی ئایاری ٢٠١٩، نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی کاروانێکی مەیدانی ئەنجام دا بۆ خێوەتگەی لەیلان بۆ ئاوارەکان لە کەرکوك. شوێنی کەرکوك بریتی یە لە شوێنێکی گرنگی ستراتیجی و بە تایبەت ئاڵۆزە، پارێزگایەکی دەوڵەمەندە بە نەوت کە دووچاری بارگرژی نەتەوەیی بوویەوە، ناسەقامگیری سیاسی، هەبوونی ئاسایشێکی شڵەژاو. پارێزگای کەرکوك، لە ئێستادا دانیشتوانێکی ئاوارەی هەیە کە زیاترە لە ١٠٠,٠٠٠ کەس و لە سێ خێوەتگە ژیان دەگوزەرێنن لە (خێوەتگەی لەیلان١، لەیلان٢ و یەحیاوە) و لە دامەزراوەکانی دەرەوەی خێوەتگە. زۆرینەی ئاوارەکان خەڵکی قەزاکانی دەوروبەری پارێزگاکانی کەرکوك و سەڵاحەددین و ئەنبار و دیالە و بەغدا و نەینەوان. کاروانەکە سەردانی سەنتەری هاوکاری ئافرەتانی کرد و لەوێ کە ئەوان ئامادەکاریان دەکرد بۆ بازاڕێکی خێوەتگە کە لەچەند ڕۆژی داهاتوودا دەکرێتەوە. زۆربەی ئەو ئافرەتانەی ئامادەبوون خواستیان دەربڕی بۆ دەرفەتی زیاتری ژیان و گوزەران، و زۆربەیان تێبینی ئەوەیان کرد کە ئەوان کارکەری سەرەکی بوون لە ئەندامانی خێزانیان. لە دواترین توێژینەوەی مەبەستداری هاووڵاتیانی خێوەتگە لە کەرکوك (شوباتی ٢٠١٩)، ٨٤ لەسەدا مەبەستیان دەربڕی بۆ مانەوە لە ئاوارەیی بۆ ماوەی ١٢ مانگی داهاتوو بە هۆی ووێرانبوون و ڕووخانی ماڵەکانیان، نەبوونی هۆکارەکانی دارایی بۆ گەڕانەوە و دووبارە بنیاتنانەوەی ژیان و گوزەرانیان، یان بەهۆی ئامادەیی تەقەمەنیە نەتەقیوەکان. کارکردنی چڕوپڕی زیاترپێویستە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی نیشتمانی، پارێزگا و ناوخۆیی، هەروەها لەگەڵ هاوکارانی مرۆیی و پەرەپێدان بۆ کردنە کاری لەپێشینەی دەستپێشخەریەکان، کردنە کاری لەپێشینەی ناوچە جیوگرافیەکان و لادانی ئاستەنگ لە شوێنەکانی گەڕانەوەی ئاوارەکان.

## کۆنفڕانسی ئۆسلۆ لەبارەی توندوتیژی لەسەر بنەمای سێکسی وڕەگەزی، کە بە هاوبەشی میوانداری کرا لەلایەن حکومەتی عێراق



گەیارە. سەرچاوە: ئۆچا/لەلایەن سیلڤیا رۆگنڤیك

لە ڕۆژانی ٢٣-٢٤ی ئایار، نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی، بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتەکانی نەرویج و عێراق و سۆمالیا و ئیمارات، سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان لێژنەی نێودەوڵەتی خاچی سور میوانداریان کرد بۆ کۆنفڕانسێکی نێودەوڵەتی لە ئۆسلۆ، لە ژێر ناونیشانی " بۆکۆتاهێنانی توندوتیژی لەسەر بنەمای سێکسی و ڕەگەزی لە قەیرانە مرۆییەکان." کۆنفڕانسەکە ڕزگاربووانی دەستی توندوتیژی لەسەر بنەمای سێکسی وڕەگەزی و شارەزایان، ئەندامانی ١٦٧ ڕێکخراوی نیشتمانی و ٧٦ ڕێکخراوی کۆمەڵەی مەدەنی نێودەوڵەتی، خاچی سوری نێودەوڵەتی و مانگی سور، نوێنەران لە ١٠٠ نەتەوە، سەرکردانی جیهان و ڕێکخراوە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان. بەشداربووان ئامانجیان بریتی بوو لە جولەپێکردنی پابەندبوونی بەهێزتری سیاسی و بەرزکردنەوەی سەرچاوەی دارایی بۆ ڕێگرتن و پاراستنی خەڵك لە مەترسی توندوتیژی لەسەر بنەمای سێکسی و ڕەگەزی لە قەیرانە مرۆییەکان. ووڵاتان پابەندبوونی خۆیان دووپات کردەوە بۆ دابینکردنی کۆی گشتی زیاتر لە ٣٦٣ $ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بۆ ڕێگەگرتن لە توندوتیژی لەسەر بنەمای سێکسی و ڕەگەزی و بەهاناوەچوون لە ساڵی ٢٠١٩ و بە دواوە.

## تەرخانکردنی یەدەگ لە سندوقی مرۆیی عێراق

لە مانگی ئایار، کار لەسەر یەکەم تەرخانکردنی یەدەگ لە سندوقی مرۆیی عێراق بەردەوامە. تەرخانکردنەکە بڕی ‎$٨,٩٥ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی دابین دەکات بۆ هاوکاری کردنی گۆڕینی ڕەشماڵ لە شوێنی زۆر پێویست لە خێوەتگەکانی جەدعە و بنکەی ئاسمانی گەیارە.

لە مانگی ئایار دۆزرایەوە کە ٣٠٠٠ ڕەشماڵ کڕدراون لە ژێر ئەم تەرخانکردنە. ئەمەش بەهۆی ناڕوونی لە داتاو زانیاری کە دابین کراوە لەلایەن ئاژانسەکانی بەڕێوەبردنی خێوەتگە و ڕووپێوی خێوەتگەکە کە دواتر لەلایەن هاوکارێکی جێبەجێکاری سندوقی مرۆیی عێراق ئەنجام درا. گفتوگۆیەکان بەردەوامن لە بارەی هەڵبژاردەکان بۆ دووبارە تەرخانکردنەوەی ئەو ڕەشماڵانە لە نێوان گروپ و هاوکارانی پەیوەندیدار، نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی و دەستەی ڕاوێژکاری سندوقی مرۆیی عێراق. لە ئێستادا وا دانراوە کە ئەم ڕەشماڵانە بەکاردەهێندرێن بۆ ١- هاوکاری کردنی بۆشاییەکان لە شوێنە لەپێشینەییەکان کە لەلایەن هەڵسەنگاندنەکانی گروپی پەناگە و کەل و پەلی ناخۆراکی دەستنیشانکراون، یان ٢- هاوکاری کردنی بۆشاییەکان لە خێوەتگەکانی کە پێشنیازکراون بۆ نیشتەجێکردنی ئەو هاووڵاتیە عێراقیانەی کە لە خێوەتگەی ئەلهۆلی باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا دەگەڕێنەوە.

## یۆنامی کارنامەی خۆی بۆ ئایاری ٢٠٢٠ درێژدەکاتەوە



سەرچاوە: وێنەی نەتەوە یەکگرتووەکان

لە ڕۆژی ٢١ی ئایاری ٢٠١٩، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کارنامەی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری کردنی عێراق درێژکردەوە بۆ ساڵێکی تر، تاوەکو ٣١ی ئایاری ٢٠٢٠. کە ئەمەش دەچێتە پاڵ بڕیاری ژمارەی ٢٤٧٠ی ساڵی (٢٠١٩) لە ژێر بەشی ٦ی ڕێککەوتنی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنجومەنەکە هاوکاری بەردەوامی بۆ عێراق پشتڕاستکردەوە لە چارەسەرکردنی ئاڵنگاریەکان کە دووچاری دەبێتەوە هەروەکو بەردەوام دەبێت بۆ هەوڵەکانی سەقامگیری دوای ململانێ و بە شێوەیەکی باش دەچێتە سەر کارەکانی هەڵسانەوە و دووبارە بنیاتنانەوە و ئاشتەوایی. ئەنجومەنەکە زیاتر بڕیاری لەسەر نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق بەردەوام دەبێت لە هاوکاری کردنی حکومەتی عێراق و خەڵك لە پێشکەوتنی گشتگیری گفتوگۆی سیاسی و ئاشتەوایی لەسەر ئاستی نیشتمانی و کۆمەڵگا، پەرەپێدانی بەرپرسیارێتی، هەروەها پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، چاکسازی دادوەری، یاسا و تواناپێدانی ئافرەتان، لە بڕیارەکە، یۆنامی زیاتر کاری پێڕاسپێردرا بە ئەنجامدانی پەرەپێدان، هاوکاری کردن، و ئاسانکاری کردن، بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی عێراق، هەماهەنگی و گەیاندنی هاوکاری مرۆیی و سەلامەتی، بە شێوەیەکی ڕێك و پێك، و گەڕانەوەی ئاوارەکان بە خۆبەخشانە یان پەنابەران و ئاوارەکان بۆ چوونە ناو کۆمەڵگا.

## نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی عێراق بەشداری دەکات لە گفتوگۆی ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر پاراستنی هاووڵاتیان

بەر لە تازەکردنەوەی کارنامەی یۆنامی، ئەیدەن ئۆلێری، سەرۆکی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی لە عێراق بانگهێشت کرابوو بۆ پێدانی پوختەیەك بە گروپی شارەزای ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر پاراستنی هاووڵاتیان و تێڕوانینێکی بارودۆخیانەی عێراق. بە پێدانی پوختەیەك لە بەغداوە لە ڕێگەی پەیوەندی ڤیدیۆیی، ئەو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو بارودۆخە لاوازانەی کە دووچاری خێزانەکان بۆتەوە بە هەبوونی گومانی پەیوەندی بە گروپە توندئاژۆکانەوە، تێبینی ئەوەی کرد کە ئەو کەسانەی کە لە ناو خێوەتگەکان ژیان دەگوزەرێنن دەچنە ژێر سنوردارکردنی جولانەوەیان، هەراسانکردن لەلایەن هاووڵاتیانی تری دانیشتوی خێوەتگە و هاوکارانی چەکداری ئاسایش، و ڕەتکردنەوەیان لە پێدانی بەڵگەنامەی باری شارستانی، کە پێویستیەکی گرنگە بۆ پرۆسەکانی کارگێڕی، لەوانە دەستگەیشتن بە چاودێری تەندروستی. بەڕێزیان قسەی کرد لەبارەی ئالنگاری ئاڵۆزی پاراستن کە سەرهەڵدەدەن لە ئاوارەبوونی ماوە درێژ دەبنە ڕێگر لەبەردەم بەرەوپێشوەچوون بەرەو چارەسەریە ماوە درێژەکان. هەندێك لە نوێنەرانی حکومەتی عێراق بەردەوام فشار دەکەن بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان وەك تاکتیکێکی سەرەتایی بۆ کۆتاپێهێنانی قەیرانی ئاوارەبوون، کە دەتواندرێت ببێتە هۆی دەرکردنی زۆرەملێ یان پێشوەختە لە خێوەتگەکانی ئاوارەکان و دامەزراوە نافەرمیەکان. بە هاوتەریبی ئەمەش، هەندێك لە خێزانەکان هەوڵ دەدەن بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی زێدی خۆیان کە بۆیان دەردەکەوێت و گەڕانەوەیان ڕێگری لێدەکرێت لەلایەن گروپە چەکداریە ناوخۆییەکان، بەرپرسی ناوچە یان شێخی عەشیرەت – بەهۆی بارگرژیەکانی کۆمەڵگا، کە دەبێتە هۆی ئاوارەبوون بۆ جاری دووەهەم. زیاتر لەوەش، هەروەك ماوەی ئاوارەبوون درێژدەبێتەوە، سەرچاوە سنوردارەکان و ئەستەمی دارایی فشار دەخاتە سەر هەندێك لە ئافرەتان و کچانی ئاوارە تاکو بخزێنە ناو میکانیزمە نەرێنیەکانی خۆگونجاندن، لەوانە بەشودانی زوو یان سێکسی مانەوە لە ژیان.

هەروەها سەرۆکی نووسینگە جەختی کردەوە لەسەر کێشە بەردەوامەکانی دەستگەیشتن لەناو خودی دەقی کرداری عێراق. بە بەراورد لەگەڵ ماوەی ساڵانی ٢٠١٤ – ٢٠١٧، لەو ماوەیەی کە خاکەکانی لەلایەن داعش دەستبەسەربوون نزیك بوون لەوەی کە بەتەواوی دەستیان لەلایەن کۆمەڵگای مرۆیی پێنەگەێندرێت، دەستگەیشتنی مرۆیی لە عێراق بەرەو باشتر چووە بە شێوەیەکی بەرچاو. هەرچەندە، ڕێکاری سەربازی نیمچە نیشتمانی و دەسەڵاتدارانی مەدەنی نیشتمانی ڕازیبوون لەوەی کە ڕێ و شوێنەکانی دەستگەیشتن ئێستا بوونەتە سەرچاوەی ئاستەنگ لەبەردەم دەستگەیشتنی مرۆیی. خاڵەکانی پشکنینی لەناکاوی بەردەوام، کە لەلایەن ژمارەیکی زۆر لە چەکدارانی ئاسایش بە درێژایی ڕێگا سەرەکیەکان لە باکوری ووڵات دانراون، کە بەشێوەیەکی زۆر نووسراوەکانی قبوڵکراوی چوونەژوورەوە ڕەتدەکەنەوە کە لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵەوە دەرچوون. لە دەرئەنجامی ئەمەش، هاوکاری مرۆیی دواخراوە و هەتا لە هەندێك ناوچە هەڵیشپەسێردراوە.

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن بە:

**هیلاری ستۆفێر**، سەرۆکی ڕاپۆرتکردن و سیاسەت و ستراتیجی، لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵە staufferh@un.org یان لە ڕێگەی ئەم ژمارە تەلەفۆنە (+964) 782 780 4622

**یوڤێت کرافتی**، بەرپرسی کاروباری مرۆیی، لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵە، yvette.crafti@un.org یان لە ڕێگەی ئەم ژمارە تەلەفۆنە (+964) 751 740 3858

هەوڵنامە مرۆییەکانی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی لەم ماڵپەڕانە بەردەستن، www.unocha.org/iraq | www.unocha.org | www.reliefweb.int